# بەرنامەی کوتانی منداڵان لە سوید

بەشی تایبەت بۆ هەندێك منداڵ

هەموو منداڵێك لە سوید دژ بە نۆ نەخۆشیی ترسناك لە بنكەی چاودێریی تەندروستی منداڵان و بنكەی تەندرووستی فێرگەوە مافی کوتانیان هەیە (بڕوانە ڕووپەڕی جیای زانیاری).

سەرەڕای ئەوەش هەندێك منداڵ هەلی کوتانی دژی هێپاتیت ب، سیل، ئەنفلەوەنزا و پنیومۆكۆك بۆ دەڕەخسێندرێت.

## هێپاتیت B (هەوكردنی جگەر جۆری ب)

هێپاتیت B یەكێكە لەو ڤایرۆسانەی كە هەوكردنی جگەری لێ دەكەوێتەوە. لە ڕێگەی خوێن و ئاوگی تری لەشەوە بڵاو دەبێتەوە. نەخۆشییەكە لای هەندێك تێبینی ناكرێت، لە كاتێكدا دەكرێت هەندێكی تر بەسەختی بۆ ماوەی چەند مانگێک بە سەختی نەخۆش بكەون. زۆربەی ئەو كەسانە چاك دەبنەوە، بەڵام ڤایرۆسەكە لای هەندێك كەس لە لەشدا دەمێنێتەوە و دەشێت دوای ماوەیەكی زۆر لێپیسكردنی وەك برینداربوون و شێرپەنجەی جگەر لایان سەرهەڵبدات. گەورەترین مەترسیش ئەوەیە كە مرۆڤ لە زۆر بەگەنجی تووشی هێپاتیت B ببێت.

### باشتر وایە كێ پكوترێت؟

بە باش دەزانرێت ئەو منداڵانە بكوترێن كە لە دەوروبەری نزیكیاندا وەك دایكوباوك و خزم یان كەسانی تر هەبن كە تووشی هێپاتیت B بوون، یان منداڵێك كە دایكوباوكی خەڵكی وڵاتێكبن كە هێپاتیت B لە سوید لێ باوترە.

### ئەم كوتانە چ بەرگرییەك دەبەخشێت؟

پێكوتەكان گەلێك كاریگەرن و نزیكەی هەموو ئەو منداڵانەی كە دەكوترێن پارێزەیەك لایان گەشە دەكات. پارێزەكە درێژخایەنە، ڕەنگە بە درێژەی هەموو تەمەن بێت.

### كام پێكوتانە دژی هێپاتیت B لێ دەدرێن؟

پێكوتەكە وەك تاكەپێكوتە هەیە. هەروەها بۆ كوتانی كۆرپە، كۆپێكوتەیەك هەیە كە تێیدا پێكوتەی دژ بە هێپاتیت B تیایە.

### كەی پێكوتەكە لێ دەدرێت؟

ئەم پێكوتەیە بە ئاسایی لە سێ ڕێككەوتدا لێ دەدرێت، یان لەگەڵ پێكوتەكانی تر و لە تەمەنی ساواییدا (لە 3، 5 و 12 مانگاندا) یان بەپێی خشتەكاتێكی تایبەت.

### كام كاریگەریی لاوەكی لێ دەكەوێتەوە؟

زۆربەی زۆری منداڵان كە پێكوتەی دژ بە هێپاتیت B لێ دەدرێت، یان هیچ كاریگەرییەكی لاوەكیان لا سەرهەڵنادات، یان كە سەری هەڵدا زۆر سووك دەبێت. كاریگەرییەك كە ئەگەر سەر هەڵبدات بە شێوەیەكی ئاسایی لە چەند ڕۆژێكدا بەسەر دەچێت.

ئاساییە (بە لای كەمەوە لای 1 لە 100 كوتراودا بەدی دەكرێت): سووربوونەوە، ئاوسان، ئێشی ئەو جێیەی كە دەرزییەكەی لێ دەدرێت.

نائاساییە یان دەگمەنە: تاگرتن، خووران، ژانەسەر، ڕشانەوە، سكچوون، پەڵەی پێست، كاردانەوەی هەستەوەرانە.

## سیل

سیل نەخۆشییەكی درمییە كە بەكتریایەك دەینێتەوە و زۆر جار هەڵمەت بۆ سییەكان دەبات، بەڵام ئەندامەكانی تری لەشیش دەگرێتەوە. سیل لە باری ئاساییدا لەڕێی هەوا و لە كاتی كۆكیندا بڵاو دەبێتەوە.
ڕەوتی نەخۆشییەكە لە زۆربەی حاڵەتەكاندا سست و خاوە كە كۆكەی درێژخایەن، لاوازبوون و تاگرتن دەنێتەوە. ئەشێت نەخۆشییەكە گەلێك ساڵ لە لەشدا مت بمێنێتەوە پێش ئەوەی دوایی بەرپا بێت.
سیل لە باری متیدا بڵاو نابێتەوە.

### باشتر وایە كێ پكوترێت؟

بە باش دەزانرێت ئەو منداڵانە بكوترێن كە لە دەوروبەری نزیكیاندا وەك دایكوباوك و خزم یان كەسانی تری تووشبوو بە سیلیان لەدەورە، یان ئەو منداڵانەی كە دایكوباوكی خەڵكی وڵاتێكبن كە سیلی لە سوید لێ باوترە.

### ئەم كوتانە چ بەرگرییەك دەبەخشێت؟

پێكوتەكە بەرگرییەكی باش دژ بە شێوە دژوارەكانی سیل بە منداڵی پچوك دەدات. بەرگرییەكە بۆ تەمەنی گەرەتر شتێكە قسە هەڵدەگرێت و زۆر جۆراوجۆرە.

### كام پێكوتانە دژ بە سیل لێ دەدرێن؟

كوتانەكە وەك تاكەپێكوتە هەیە.

### كەی پێكوتەكە لێ دەدرێت؟

ئەم پێكوتەیە بە شیوەیەكی ئاسایی وەك ژەمی یەكجارە لە شەشمانگانی منداڵەوە پێی دەدرێت، بەڵام باشتر وایە لە كاتی مەترسیی تووشبووندا زووتر پێی بدرێت.

### دوای كوتانەكە چێ ڕوو دەدات؟

ئەم پێكوتەیە هەوكردنییێكی پچوك لە پێستدا پەیدادەكات. دوو تاكوو چوار هەفتەی دوای كوتانەكە لە جێی كوتانەكەدا ڕوقبوونێكی بچكۆلە سەر هەڵدەدات. ڕەقبوونەكە سوور هەڵدەگەڕێت و گەورە دەبێت و پاش ماوەیەك برینێك دروست دەبێت كە ڕەنگە چڵك دەربدات. برینەكە نابێت دەستی لێ بدرێت و هەمیشە دوای چەند هەفتەیەك لە خۆیەوە ساڕێژ دەبێت. هەتا ئەو كاتەی دەمی برینەكە كراوەبێت خۆت لە مەلەكردنی ئەستێڵ دوور بگرە. لای هەندێك منداڵ قەت برین دەرناكەوێت، بەڵكوو هەر ڕەقبوون كە ئەویش دوای مانگێك یان زیاتر نامێنێت.

### كام كاریگەریی لاوەكی لێ دەكەوێتەوە؟

نائاساییە یان دەگمەنە: برینێكی گەورەی نائاسایی كە زۆر دەكێشێت تا ساڕێژ بێت، تاگرتن، ژانەسەر و كاردانەوەی هەستەوەرانە.

## ئەنفلەوەنزا

ئەنفلەوەنزا نەخۆشیەکی درمییە لە بۆرییەکانی هەناسەدا کە بەهۆی ڤایرۆسەوە دەکەویتەوە. ئەم نەخۆشییە لە باری ئاساییدا کاتێك نەخۆشەکە دەکۆکێت و دەپژمێت لە ڕێی هەواوە بڵاو دەبێتەوە. هەموو زستانێك وڵاتەکەمان دووچاری ئەنفلەوەنزا دبێت و دوو تاکوو پانزە لە سەدی دانیشتووان دەیگرن. ئەنفلەوەنزا زۆرجار لە خۆیەوە بەسەر دەچێت، بەڵام ئەو نەخۆشییەی کە لە باری ئاساییدا بە دوایەوە سەر هەڵدەدات هەوکردنی سییەکانە.

### باشتر وایە کێ پێکوتە لێ بدرێت؟

بێجگە لە کەسانی تەمەن سەروو 65 ساڵییەوە وا بە باش دەزانرێت کە هەموو گەورەساڵ و منداڵێك کە نەخۆشیی هەمیشەیی دڵ یان سی، نەخۆشی شەکرەی نەرەسیو یان بەرگرییەکی یەکجار لاوازی دژ بە نەخۆشی درمییان هەیە بکوترێن. هەروەها منداڵێك کە نەخۆشیی تری هەیە ئەشێت ئەم پرسە دەیگرێتەوە. ئەو هەڵسەنگاندنە پزیشکی منداڵەکە دەیکات.

### ئەم کوتانە چ بەرگرییەك دەبەخشێت؟

لەبەر ئەوەی ڤایرۆسی ئەنفلەوەنزا هەموو کاتێك پێکهاتەی خۆی دەگۆڕێت، پێویستە هەموو وەرزێك پێکوتەیەکی نوێ بەرهەم بهێنرێت کە دژ بەو ڤایرۆسە چالاك بێت کە لەو ماوەیەدا سەر هەڵدەدات. ئەمەش وا دەکات مرۆڤ بۆ ئەوەی باشترین بەرگریی بە دەست بهێنێت هەموو ساڵێك دەبێت بکوترێت.

### کام پێکوتانە دژی ئەنفلەوەنزا لێ دەدرێن؟

گەلێك جۆر پێکوتەی دژ بە ئەنفلەوەنزا هەیە.

### کەی پێکوتەکە لێ دەدرێت؟

ئەکرێت منداڵ لە تەمەنی شەشمانگییەوە بکوترێت. بە گوێرەی تەمەنی منداڵەکە پێکوتەکە بە ژەمێك یان دوو ژەم لێ دەدرێت.

### کام کاریگەریی لاوەکی لێ دەکەویتەوە؟

پێکوتەی ئەنفلەوەنزا لە ڤایرۆس دروست دەکرێت کە لە هێلکەی مریشکدا دەچێنرێت. لەبەرئەوە ئەو کەسەی دژ بە هێلکە زۆر هەستەوەرە، نابێت پێکوتەی دژ بە ئەنفلەوەنزا لێ بدرێت. زۆربەی زۆری منداڵان هیچ کاریگەرییەکی لاوەکییان لە پێکوتە لێ دیاری نادات ئەگەر هەشبێت زۆر کەمدەبێت. کاریگەریی گریمانەیی لاوەکییش لە چەند ڕۆژێکدا بەسەر دەچێت.

ئاساییە(بە لای کەمەوە لای 1 لە 100 کوتراودا بەدی دەکرێت):
سووربوونەوە، ئاوسان و ئێش لەو جێیەی دەرزییەکەی لێ دەدرێت، تاگرتن.

نایاسایی و دەگمەنە: کاردانەوەی هەستەوەرانە

## پنیموکۆکەکان

پنیموکۆکەکان بەکتریایەکن کە دەشێت ببنە هۆی سووکەنەخۆشی درمی گوێ و بۆشاییەکانی ئێسکی ڕوو (جیوب)، بەڵام نەخۆشیی گەورە و هەندێك جار نەخۆشی مەترسیداری سەر ژیانیش وەك ژەهراویبوونی خوێن و هەوکردنی پەردەی مێشك دەخەنەوە. هەروەها مەترسیی لێپیسکرنیش لە ئارادایە بە نموونە جۆری جیاجیای زیانگەیاندن بە مێشك.

### باشتر وایە کێ پێکوتە لێ بدرێت؟

کوتانی گشتیی منداڵی ساوا دژ بە پنیموکۆکەکان لە 1 جانیواری(کانوونی دووەم) 2009 دەستی پێ کردووە. ئەو منداڵانەی کە هێشتا نەکوتراون و مەترسیی ئەوەیان هاتووەتە ڕێ کە بەهۆی پنیموکۆکەکان بەسەختی نەخۆش بکەون، بە باش دەزانرێت کە بێ ڕەچاوکردنی تەمەنیان پێکوترین. بە نموونە ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە نەخۆشیی هەمیشەیی دڵ و سی و گورچیلەکان، یان لە زگماکییەوە نەخۆشیی کەمیی بەرگریی لەشیان هەیە یان ئەو منداڵانەی کە ئامێری بیستن لە ناو گوێیاندا چێندراوە (cochleaimplantat) . ئەو هەڵسەنگاندنە پزیشکی منداڵەکە دەیکات.

### ئەم کوتانە چ بەرگرییەك دەبەخشێت؟

پێکوتەکان بەرگریی باش دژ بەو پنیموکۆکەکانە دابین دەکات کە هەر یەك لەو پێکوتە جیاوازانە دەیانگرێتەوە.

### کام پێکوتانە دژ بە پنیموکۆکەکان لێ دەدرێن؟

دوو پێکوتە لە جۆری جیاواز لە بازاڕدا هەن. یەکێکیان بۆ منداڵی خوار 5 ساڵان و ئەوی تریان بۆ منداڵی دووساڵان و گەورەساڵانە.

### کەی پێکوتەکە لێ دەدرێت؟

کوتانی ئەو منداڵانەی کە لە گرۆی مەترسیدان بەپێی خشتەی جیا بەرنامەی بۆ دادەنرێت.

### کام کاریگەریی لاوەکی لێ دەکەویتەوە؟

زۆربەی زۆری منداڵان یان هیچ کاریگەرییەکی لاوەکی پێکوتەی دژ بە پنیموکۆکیان لێ دیاری نادات یان کاریگەرییەکی لاوەکی زۆر سووکیان لێ دیاری دەدات. ئەگەر کاریگەرییەکیش سەر هەڵبدات ئەوا بە شێوەیەکی ئاسایی لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا بەسەر دەچێت.

ئاساییە(بە لای کەمەوە لای 1 لە 100 کوتراودا بەدی دەکرێت):
سووربوونەوە ، ئاوسان و ئێشی ئەو جێیەی دەرزییەکەی لێ دەدرێت، تاگرتن، سکچوون و ڕشانەوە.

نائاسایی و دەگمەنە: کاردانەوەی کتوپری یەکجار هەستەوەرانە، خووران، پەرکەمی تا، لیرکردنی (ئەرتیکاریا)، ڕەنگپەڕان و سستی.

### دەتەوێت زیاتر بزانیت؟

یەکەم هەنگاو ڕوو لە پزیشکی منداڵەکەت بکە. دەشتوانیت پێوەندی بە بنکەی تەندروستی منداڵان یان چاودێریی تەندروستی ڤێرگەوە بکەیت.

**گرنگە!**

بەر لە کوتانەکە ـ ئەگەر منداڵەکەت هەستەوەرە یان ئەگەر دژ بە کوتانی پێشووتر کاردانەوەی نائاسایی هەبووە، باسی بکە.

دوای کوتان ـ ئەگەر لە ماوەیەکی کەمی دوای کوتانەکە شتێکی نائاساییت لە منداڵەکەتدا تێبینی کرد، پێوەندی بە بنکەی چاودێری منداڵانەوە یان بنکەی تەندروستی ڤێرگەوە بکە.

Socialstyrelsen
MARS 2009. ART. NR. 2009-126-63